**ئاگاداری رۆژنامەوانی و میدیا**

ڕێکخراوی هەڵبژاردنەکانی کەنەدا (Elections Canada): ئاگاداری رۆژنامەوانی و میدیا

# دامەزرانی کۆمیتەیەکی نێونەتەوەیی بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق

**ئۆتاوا، دووشەممە، 20 دیسامبری 2004**—بەشداران لە لێژنەی چاوەدێری هەڵبژاردنی عێراق، کە رۆژەکانی 19 و 20 دیسامبر کۆ بۆونەوە، بە پشتیوانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەمرۆ (دامەزرانی کۆمیتەیەکی نێونەتەوەیی بۆ خولی هەڵبژاردن لە عێراق)ی راگەیاند.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی هەڵبژاردنەکانی عێراق (IMIE) بە پلەی سەرەکی پێکهاتووە لە دامودەزگا سەربەخۆکانی بەرێوەبردنی هەڵبژاردن. ئەم کۆمیتەیە دەدات بە پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق و هەروەها ناونووسکردن و پرۆسەی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق. IMIE پێوەندی چێدەکا لە گەڵ ڕێکخراوەکانی خۆجێی مۆنۆتێر (چاودێری) کردن، حیزبە سیسەکان و خەڵکی تریش.

IMIE بنکەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دەبێ. کۆمیتەکە لە لایەن لێژنەیەکی سەرپەرشتیارییەوە بەرێوەدەچێ کە بریتین لە ئەندامانی کۆمیتەگەلی سەربەخۆی هەڵبژاردن و شارەزایان و پسپۆرانی هەڵبژاردن لەسەرانسەری جیهانەوە، لەوانە:

ڕێکخراوەی هەڵبژاردنەکانی کەنەدا (کەنەدا)
کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لە بریتانیا (بریتانیا)
کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی ئەندۆنیژیا (ئەندۆنیژیا)
ئەنستیتۆی هەڵبژاردنی فێدراڵ (مەکسیک)
لێژنەی هەڵبژاردنی پەنەما (پەنەما)
کومیسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن (ئەلبانیا)

هەروەها نوێنەری کۆمەڵەی سەرپەرشتیارانی هەڵبژاردن لە ناوەراست و خۆرهەڵاتی ئەوروپا (ACEEEO) لە لێژنەی سەرپەرشتیاریدا بەشدار دەبێ. سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کۆماری یەمەن ئامادەیە کە لە لێژنەدا بەشدار بێ، پاش ئەوەی کە زۆرتر لە گەڵ کۆمیتە (IMIE) راوێژ بکرێ.

لێژنەی سەرپەرشتیاریی بەرنامەیەک دادەرێژێ بۆ ئەوە کە چالاکییەکان بێلایەنانە بن. ئەو ئەزموونانەی لە هەڵبژاردنی 30 جەنیڤێریدا پاشەکەوت دەکرێن کەڵکیان لێوەربگیرێت بۆ مسۆگەر کردنی بەشداری زۆرتر لە هەڵبژاردنی ئۆکتۆبری 205 و هەڵبژاردنە نیشتیمانیەکانی 15ی دیسامبری 2005.

ڕێکخراوی هەڵبژاردنەکانی کەنەدا بڕیاری داوە کە  سکریتارییەتێک (ئیدارەیەکی تایبەت) بۆ ئەم چالاکیە دابمەزرێنێ.

ڕێکخراوی هەڵبژاردنەکانی کەنەدا پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە و لە لایەن پارلمانەوە دامەزراوە.

بۆ زانیاری وەرگرتن:
پێوەندییەکانی میدیای هەڵبژاردنەکانی کەنەدا
1 877 877-9515